## ڕێبازی توێژینەوە

پ/ وشە یان زاراوەی (ڕێباز = میتۆد = مەنهەج) لەرووی زاراوەیی و زمانییەوە چی دەگەیەنێت ؟

و/ ڕێباز(المنهج) یان بەرنامە (منهاج) لە زمانەوانیدا بەواتای ڕێگای ڕوون و ئاشکرا ، لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە ((ڕێگا ڕێباز ، ڕێگای ڕوون و ئاشکرا ،(انهج الگریق) ئاشکرا و ڕوونکراوە ، (المنهاج) ڕێگای ڕوون و ئاشکرا (المنهج) ڕێگای ڕاست))

- لە زاراوەی زانستیدا واتا ئەو ڕێگایەی کە مرۆڤ لەدوای تێکۆشان و ماندووبوون پێی دەگاتە ڕاستی ، لە ڕێگای بە کارهێنانی کۆمەڵە بنەما و پرەنسیپێکی گشتییەوە ، بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی خوازراوە 8

- لەم سەردەمەی ئێمەشدا ، لێکۆڵینەوەی زانستی بێ نیاز نییە لە ڕێبازی زانستی ، کە دەگەرێت بەدوای ئەو ڕێگا و شێوازانەی لێکۆڵەران بەکاری دەهێنن لە پێناو گەیشتن بەراستی ، یان دەرخستنی ڕاستی ، یان بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەری

پ/ لە سێ پێناسەی جیاوازدا تیشك بخەرەسەر لێکۆڵینەوەی زانستی ؟

و/ لێکۆڵینەوەی شتێك پشکنین و گەرانە بەدوایدا ، لێکۆڵینەوەی بابەتێك بریتییە لە تێکۆشان و هەوڵدان تیایدا و ناسینی ڕاستییەکەی ، بۆ دەرخستنی و بڵاوکردنەوەی لە ناو خەڵکیدا ، کە لە لێکۆڵینەوەیەکەدا یان لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکدا کۆدەبێتەوە

- لێکۆڵینەوەی زانستی پێناسەکراوە بەوەی ((ڕاپۆرتێکی تەواوە لێکۆڵەر پێشکەشی دەکات بەتەواوی سەبارەت بەو کارەی پەیمانی لەسەر داوە و بە جێی دەگەیەنێت ، بە جۆرێك ڕاپۆرتەکە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکە بگرێتە خۆی ، لەو کاتەوە کە تەنها بیرۆکەیەك بووە تا ئەو کاتەی دەبێتە کۆمەڵە ئەنجامێکی تۆمارکراو و ڕێکخراوی پشت ئەستور بە بەڵگە))

- یان بریتییە لە ((هەوڵێك بۆ دەرخستنی مەعریفە و وردبینیکردن تیایدا ، پاشان خستنەرووی بەزیرەکانە ، بۆ ئەوەی پشك داربێت لە مەعریفەی مرۆیدا))

- یان بریتییە لە ((گەرانێکی ڕێحراو ، ئامانجی زیاد کردنی مەعریفەیە ، کە دەکرێت بەدەست بهێندرێت ، هەروەها لێکۆڵینەوە لە دروستی ئەو زانستە ، لە ڕێگای تاقیکردنەوەی زانستییەوە ))ی 1

CAPTAIN

پ/ جۆرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی چین ؟ یان ژمێرە وباسی یەکێکیان بکە ؟

و/ 1) لێکۆڵینەوی پۆل (ڕاپۆرت،وتار،کورتەلێکۆڵینەوە،کاغەز)

2) نامە (نامەی ماستەر،ماستەر نامە)

3) تێز (تێزی دکتۆرا،دکتۆرانامە،نامەی دکتۆرا)

پ/ ئەمانەی خوارەوە پێناسەی بکە ؟

و/ 1) لێکۆڵینەوی پۆل (ڕاپۆرت،وتار،کورتەلێکۆڵینەوە،کاغەز)

بریتییە لەو لێکۆڵینەوەی کە قوتابی لەماوەی ساڵانی زانکۆدا ئامادەی دەکات یان لە ساڵی کۆتایی خوێندنیدا بەمەبەستی وەرگرتنی پلەی (لیسانس یان بەکەلۆریۆس) داوای لێدەکرێت ، کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی کورت ، بەشێوەیەکی باو لاپەرەکانی لە نێوان (10-12،15) لاپەردادەبێت ، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە ناخوازێت لە لێکۆڵەر بەفراوانی و قوڵی کاربکات ، بەلکو وەك دەولەمەندکردنێك دەبێت بۆ ئەم بابەتەی قوتابی لە وانەکانی زانکۆدا وەریگرتووە یان کورتکردنەوەیەك دەبێت بۆ ئەو زانیارییانەی بەدەستی هێناوە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ئەو بابەتەی لەخۆ گرتووە

2) نامە (نامەی ماستەر،ماستەر نامە)

بریتییە لە لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند کە قوتابی ئامادە دەکات بەمەبەستی بەدەست هێنانی دیبلۆم لە خوێندنی باڵادا یان ماترێز یان ماجستێرهەندێك لە زاناکان مەرجی ئەوە دادەنێن قەتابی ساڵێکی خوێندنی ئامەداکاری بەسەر بەرێت لە بواری تایبەت و دیاریکراودا بۆ دەستپێکردن بە ئامادەکردنی نامەکەی ،لە کاتێکدا لەهەندێك زانکۆی تر پێویستە دوو ساڵ لە خوێندن و لێکۆڵینەوە بەسەر بەرێت لەدوای لیسانس (بەکەلۆریۆس) بۆ بەدەست هێنانی ئەو پلەیە ، پێویستە لە لێکۆڵینەوەی پۆلی زۆر قوڵتر و درێژتر بێت هەروەها ماوەیەکیزۆریشی پێدەچێت لە وانەیە چەند ساڵێك بخایەنێت ، ڕادەوەستێت لەسەر

خوێندنەوەیەکی فراوان ، هەروەها پێوەیستی بە وردبینییەکی تەواو هەیە لە گواستنەوەی بۆچوونی نووسەر و لێکۆڵەرانی تر و دەبێت پشکدار بێت لە بەرەوپێشبردنی زانست بەزیاد کردنی شتێکی نویٚ بۆ مەعریفەی مرۆیی

3) تێز (تێزی دکتۆرا،دکتۆرانامە،نامەی دکتۆرا)

بریتییە لە بەرزترین پلەی زانستی زانکۆ یی ، ئەو کەسەی بەدەستی دەهێنێت نازناوی دکتۆر یان پرۆفیسۆری پێدەدرێت ، لە زۆربەی زانکۆکاندا دوو قۆناغە:

یەکەم / دکتۆرایی زانکۆیی/ کە قوتابی نزیکەی دوای دوو ساڵ خوێندن بەدەستی دەهێنێت

دووەم/ دکتۆرایی دەوڵەت/ کە ماوەیەکی زۆرتر و لێکۆڵینەوەیەکی قوڵتر و فراوانتری دەوێت

لە هەندێك لە زانۆککاندا سیستەمی فەرەنسی و دکتۆرای بازنەی سێیەم هەیە کە بەرامبەر دکتۆرای زانکۆییە ، پاشان دکتۆرای بازنەی دووەم دێت کە لە هی سێیەم فراوانترە ، پاشان دکتۆرای بازنەی یەکەم دێت ، کە بەرامبەر دکتۆرای دەولەتە و پێویستی بە ماوەیەکی درێژتر و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر قوڵتر هەیە لە وانەی پێشتر ، پێویستە لێکۆڵەری تێزی دکتۆرا بە سیفەتی قوڵی شیکارکردن و لێهاتوویی بناسرێت ، هەروەها بە ڕێکخستنی بابەتەکە و یەکێتیبوونی و زۆری و فراوانی و ڕەسەنایەتی سەرچاوە و ژێدەرەکان بناسرێت 2، جگە لەوە داهێنانکاری و کۆششکاری و ڕەوشتی کەسی لە سیفەتەکانی بێت ، یۆ ئەوەی شایەنی ئەوە بێت شتێکی نویٚ زیاد بکات بۆ ڕۆشنبیری مرۆیی ، تێزایی دکتۆرا قەبارەیەکی دیاریکراوی نییە دەکرێت بگاتە 300 لاپەرە ، یان زیاتر یان کەمتر گرینگ شارەزایی و بە ئاگابوونە لە بابەتەکە ، هەندێك تێزی زانستی هەیە لەگەل ئەوەشدا لاپەرەکانی لە (50) پەر زیاتر نەبووە پلەی دکتۆرایی پێدراوە ، بەهۆی ڕەسەنایەتی و قولی بابەتەکەیەوە ئەگەر چی وێنەی ئەم قەبارەیە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کارێکی گرانە

پ/ ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی پۆلی چین ؟

و/ 1) ئاشنابوون بە سیستەمی پەرتووکخانەکان و چۆنیەتی بەدەست هێنانی ژێدەرەکانی (المرجع) بەخێرایی

2) ڕاهێنان لەسەر کرداری کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیارییەکان و پێکەوە گونجاندنیان

3) ڕاهێنان لەسەر بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و گوزارشتکردن لە بۆچوونی خودی

4) هەلگرتنی بەرپرسیاری و ئەمانەت و وردی لە وەرگرتنی زانیاریدا

5) گەشەپێدانی تواناکانی لێکۆڵەر و بەهێزکردنی سیفاتی باشی زانستی تیایدا و ئامادەکردنی بۆ لێکۆڵینەوەکانی خوێندنی باڵا

CAPTAIN

چەند تێبینییەك

1) یاساکەی یان شێوازی ڕێکخستنی و ریزکرنی سەرچاوەکان

ناوی نووسەر (د.،م.،مەلا...) ، ناوی بەهەم، ڕەخنەی ، وەرگێرانی: (لەئینگلیزی ...): ناوی کەسی وەرگێر ،کتێبی(یەکەم،دووەم ،...) ،(ب) بەرگی: (یەکەم،دووەم،...)،(چ) چاپی: (یەکەم،دووەم،...) ، ناوی دەزگای چاپ ، (خانەی) چاپخانەی ناوەندی ، شوێنی چاپکراو ، سالی چاپکراو .

2) هەریەك لەمانە نەبوو ئەوا ئەوەی دوای خۆی شوێنی دەگرێتەوە

| | |
|---|---|
| 1) ناوی نووسەر (د.،م.،مەلا...) | ئەو کەسەی کە نووسیتی |

| | |
|---|---|
| 2) ناوی بەرهەم | هەندێك جار ناوێكی درێژە و سالیشی لەگەڵ دایە یان ناوی بەرهەمی كەسێكە |
| 3) رەخنەی | هەندێك جار ناوێكی درێژە و سالیشی لەگەڵ دایە یان ناوی بەرهەمی كەسێكە |
| 4) وەرگێرانی | لەئینگلیزی،عەرەبی،فارسی،... |
| 5) ناوی كەسی وەرگێر | ئەو كەسەی كە كتێبەكەی وەگێراوە یان كۆمەلێك وەرگێر |
| 6) كتێبی | یەكەم،دووەم،... |
| 7) (ب) بەرگی | یەكەم،دووەم،... |
| 8) (چ) چاپی | یەكەم،دووەم،... |
| 9) ناوی دەزگای چاپ | |
| 10) چاپخانە ، خانەچاپ ناوەندی | |
| 11) شوێنی چاپكراو | هەولێر،سلێمانی،كەركوك،دهۆك،هەلەبجە،... |
| 12) سالی چاپكراو | ئەو سالەی كە چاپكراوە |

3) لە پرسیار دا سەرەتا داوای كامە ناو(بەش) ی لێكردی تۆ سەرەتا ئەو دەنوسی دواتر ئەوانی تر وەك خۆی لەشوێنی خۆی لە دوای دەنوسیتەوە

4) بەپێی حەرف ئەبجەتی ناوەكانی سەرەتا ریزدەكەی (ئەگەر دوو ناو یەكەم پیتیان وەك یەك بوو ئەوا پیتی دووەم بكە ریزبەند)
(ئ،ا،ب،پ،ت،ج،چ،ح،خ،د،ر،ڕ،ز،ژ،س،ش،ع،غ،ف،ڤ،ق،ك،گ،ل،ڵ،م،ن،و،ۆ،وو،ە،ه،ی،ێ)

پ/ <u>چۆن ئەو سەرچاوانەی خوارەوە ریز و پۆلێن بەند دەكەی لە چوارچێوەی لێكۆلینەوەیەكی زانستی دا</u> ؟

1) -پێكهاتەوراڤەی دەق ، وەرگێرانی: مەسعود بابایی ، كتێبی دووەهەم ، بابەك ئەحمەد ، هەولێر ، چاپی یەكەم ، لە بلاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆلینەوەی فیكری و ئەدەبی نما ، 2005 .

2) - بینای هونەری لە كورتە چیرۆكی كوردیدا 1970-1980 ، 1999 ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ئەحلام مەنسور ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی .

3) - نقیسار (كۆمەلێك بابەتی تیۆری) ، بلاوكراوەی ئاراس ، وەرگێرانی: كۆمەلێك وەرگێر ، بەرگی یەكەم ، ڤالتێر بنیامین ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2004 .

4) - چاپی یەكەم ، ئیمری جۆرج ، جۆرجلۆكاچ ، وەرگێرانی لە فرسیەوە: مەنسوور تەیفووری ، سلێمانی ، وەزارەتی رۆشەنبیری ، بەرێوبەرایەتی خانەی وەرگێران ، ، 2004 .

5) - چاپی یەكەم ،د. شكوریە رەسول ، تەكنیكی گێرانەوە لە چیرۆكەكانی (مارف بەرزنجی)دا ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2005.

<u>و/ بەپێی حەرف ئەبجەتی ناوەكان ریز دەكەیت</u>

1) - ئەحلام مەنسور ، بینای هونەری لە كورتە چیرۆكی كوردیدا 1970-1980 ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، 1999 .

2) - ئیمری جۆرج ، جۆرجلۆكاچ ، وەرگێرانی لە فرسیەوە: مەنسوور تەیفووری ، چاپی یەكەم ، وەزارەتی رۆشەنبیری ، بەرێوبەرایەتی خانەی وەرگێران ، سلێمانی ، 2004 . 4

3) - بابەك ئەحمەد ، پێكهاتەوراڤەی دەق ، وەرگێرانی: مەسعود بابایی ، كتێبی دووەهەم ، چاپی یەكەم ، لە بلاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆلینەوەی فیكری و ئەدەبی نما ، هەولێر ، 2005 .

4) - شكوریە رەسول(د.) ، تەكنیكی گێرانەوە لە چیرۆكەكانی (مارف بەرزنجی)دا ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2005.

CAPTAIN

5) - ڤالتێر بنیامین ، نقیسار (کۆمەڵێك بابەتی تیۆری) ، وەرگێرانی: کۆمەڵێك وەرگێر ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، بلاوکراوەی ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2004 .

پ/ چۆن نەخشە سازی (دیزاین) بۆ بەرگی توێژینەوەیەکی زانستی دەکەین ؟ نموونە بێنەوە .

و/ بەرگی دەرەکی/ بەشێوەیەکی باو بەرگی دەرەکی لە کاغەزی بەهێز (ئەستور) دەبێت ، زانیارییە سەرەکییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی زانکۆیی لەسەر تۆمار دەکرێت جا لێکۆڵینەوەیەکی بچووك بێت یان نامە یان تێز هیچ جیاوازییەکی نییە 5 ناوی زانکۆ و کۆلێژ و ناونیشانی لێکۆڵینەوە وناوی لێکۆڵەر و ئەو پلە زانستییەشی لەسەر تۆمار دەکرێت کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات

- هەندێك زانکۆ زانیاریان زیاتر دەوێت ، وەك ئەو بەشەی تێیدا دەخوێنێت و مامۆستای سەرپەرشتیار و مێژوو و شوێنی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکە

- بۆنموونە:

1) لۆگۆی شوێن ، دروشم ،ئارم/ هەربۆخۆت بازنەیەك بکە و ئەمەی لەناو بنوسە (زانکۆی سلاحەدین-هەولێر)

2) ناونیشانی لێکۆڵینەوە/ نامە ،ماستەر ، تێز ...

3) نامەکە / پێشکەشە بەئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلاحەدین-هەولێر کراوە وەك بەشێك لە پێویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا (بروانامەی بەکەلۆریۆس) (بروانامەی ماسترە) (بروانامەی دکتۆرا)

4) توێژەر/ عونی ئەمین عومەر

5) بەسەرپەرشتی (سەرپەرشتیار)/پ.د.هیمداد حسین بکر

6) کات/ مانگ و ساڵ ، ساڵی تەواو بوونی توێژەرەکە

CAPTAIN

پ/ عادەتەن لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەت پێشکەش بە کێ دەکەیت ؟

و/ پێشکەشکردن/ دەکرێت لێکۆڵەر لاپەرەیەك تەرخان بکات لە لێکۆڵینەوەکەی ، بۆ ئاراستەکردنی ( پێشکەش) بەو کەسانەی خۆشی دەوێن و رێزیان دەگرێت ، لە دوای لاپەرەی ناونیشان دێت و بەرەگەزێکی پێویست داناندرێت لە لێکۆڵینەوەدا ، بەلکو لێکۆڵەر دەتوانێت بێنیاز بێت لێی ئەگەر ویستی

- پێشکەشکردنیش ئاراستەی کەسێك یان زیاتر دەکرێت ، کە پشکدار بووە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە یارمەتیدانی لێکۆڵەر لە ئەنجامدانمی لێکۆڵینەوەکەیدا ، جا لەبابەتەکەدا بێت یان ئامادەکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ لێکۆلەر لە پێناو ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەیدا

- پێشکەشکردن بە چەند دێرێك و بە چەند رستەیەکی سانا و رۆشن دەبێت ، ئاراستەی کەسەکە دەکرێت راستەوخۆ ، کە دەشێت هاوسەری لێکۆلەر یان منداڵەکانی یان دایکی یان باوانی بێت ، یان هەرکەسێکی تر بەرێز و خۆشەویست بێت لای

پ/ ئەوانە کێن کەلە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا کە سوپاس و پێزانینیان ئاراستە دەکەین ؟

و/ لاپەرەی سوپاس و پێزانین/ راستەوخۆ دوای پێشکەشکردن دێت ، بەهەمان شێوە لە رەگەزەکانی لێکۆڵینەوە نییە ، واتا دەکرێت لێکۆڵەر لێی بینیاز بێت ، دەشکرێت لە پێشەکیدا ئاماژەی بۆ بکرێت

- تیایدا باسی چاکەی ئەو کەس و لایەن و دەزگایانە دەکات ، کە هاوکاری لێکۆڵەریان لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەیدا کردووە ، یان هەولیان داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ن یان کار ئاسانی بەدەست هێنانی سەرچاوەکانیان بۆ کردووە ، سوپاسکردنەکە بە وشەی سانا و راست و گوزارشتی کورت دەبێت ، بەبێ درێژکردنەوە و زیادەرەوی

- سوپاس و پێزانین بەشێوەیەکی باو ئاراستەی مامۆستای سەرپەرشیار دەکرێت ، ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆکردن و ئەمینداری کتێبخانەکان و مامۆستا و هاورێیانی یان ئەو کەسانەی لێکۆلەریان هانداوە لە کەس وکار وهاورێیان

پ/ پێرستی بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکەت چۆن رێکدەخەیت ؟

و/ پێرست ناوەرۆك/ لەدوای لاپەری سەپاسکردن دێت واتا لەسەرەتای لێکۆلینەوەکەدا ، بەپێی سیستەمی (ئەنگلۆسەکۆنی)، بەلام لە سیستەمی فەرەنسیدا دەکەوێتە کۆتایی لێکۆلینەوەکەوە ، کە لە کتێبە چاپکراوەکاندا بەدی دەکرێت ، ئێمە وامان پێباشە قوتابیانمان لەسەرەتای لێکۆلینەوەکەدا دایبنێن ، چونکە بۆ خوێنەر ئاسانترە تا لە ناوەرۆکی لێکۆلینەوەکە شارەزابێت ، زۆربەر لێکۆلەرانیش بەم جۆرە دەکەن

- پێرست بابەتەکان یان ناوەرۆکی هەموو بابەتەکانی لێکۆلینەوەکە لەخۆ دەگرێت ، کە لە تەوەرەکاندا رێکخراون و دابەشکراون بۆ چەند ناونیشانی سەرەکی و لاوکی ، لەگەل ژمارەی لاپەرەی ناونیشانەکان

پ/ دەسپێك (دەروازە) چییە ؟ مەرجە هەموو لێکۆلینەوەیەکی زانستی دەروازە ودەسپێکی هەبێت ؟ دەتوانین لە جیاتی (دەستپێك) جێگرەوەی یان شوێنگرەوەی دەست نیشان بکەین ؟

و/ لە زمانی عەرەبیدا (التوگئە) یان(التصدیر) یشی پیدەگوترێت ، لە دوای پێرستی بابەتەکان دێت ، بە تەوەرەیەك لە لێکۆلینەوەکە داناندرێت ، بەلکو وەك بەشێکی دەسپێك و دەروازەیەکی بابەتەکانی لێکۆلینەوەکە وایە ، لەگەل ئەوەشدا وەك رەگەزێکی بنەرەتی لە لێکۆلینەوەکە داناندرێت ، واتا دەکرێت نەبێت ، یان پێشەکی بابەتەکە جێگای بگرێتەوە ، لێکۆلەر لە دەروازەدا باس لەو پالنەرانە دەکات کە هانیان داوە بۆ هەلبژاردنی بابەتی لێکۆلینەوەکەی ن چۆن کاری بۆ کردووە و ئەو ئەنجامانە چین کە پێیان گەیشتووە ، لەگەل ئەو گرینگییە شاراوەیەی کە لە بابەتەکەدا هەیە ، دەکرێت باس لەو سەرچاوە بنەرەتیانە بکات ، کە لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆلینەوەکەدا پشتی پێبەستوون

پ/لە چوارچێوەی پێشەکیدا چەند رەگەزێك کە پەیوەستن بەلێکۆلینەوەکەوە دەست نیشان دەکرێن . روونی بکەوە ؟

و/ یەکەم/پێناسەکردنی بابەتەکانی لێکۆلینەوە و سنووردارکردنی رەهەندە کاتی و شوێنییەکانی ، لەگەل ناساندنی سروشتی زانستی لێکۆلینەوەکەدا ، پێشکەش کردنی بەلگە لەسەر گرینگی لێکۆلینەوەکەی ، ئەو هۆکارە پالنەرانەی هانیان داوە بۆ لێکۆلینەوە لەو جۆرە بابەتە

دووەم/ باسکردنێك سەبارەت بە بابەتەکە ، لە رووی لێکۆلەرانی پێشتر بۆ ئەو باسە و ئەو ئامانجەی پێی گەیشتوون ، باسیش لەو میتۆدە دەکات ، لەگەلٚ ئاستی گونجاندنی ئەو میتۆدە بۆ بابەتەکەی ، تەوەرەکانی لێکۆلینەوەکە چین و چۆن دابەشی کردوون

سێیەم/ باسکردن و هەلسەنگاندنی ئەو ژێدەرە بنەرەتیانەی لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆلینەوەکەیدا پشتی پێبەستوون ، لە بەلگەنامە وکتێب و جگە لەوانەش ، ئایا چ بابەتێکی پێشکەشکردووە لە لێکۆلینەوەکەیدا و کەموکەرییەکانی چین

- لە کۆتایدا ئاماژە بەو کۆسپ و تەگەرانە دەکات توشی هاتووە لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆلینەوەکەیدا ، جا بەهۆی خودی بابەتکەوە تەشی هاتبێت ، یان بەهۆی بارودۆخی دەوروبەری ، بە شێوەیەکی کورت و راست دەریان دەبرێت ، بەبیٚ گەورەکردن و زیادەگۆیی (مبالغە) ، لێکۆلەر لەکۆتایدا نابێت ئەوەی لەبیر بچێت سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکات کە یارمەتییان پێشکەشکردووە لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆلینەوەکەیدا

پ/ مەبەست لە ئەنجامەکانی لێکۆلینەوەیەکی زانستی چییە ؟ یان ئەنجام چییە ؟

و/ کۆتایی یان ئەنجام/ بریتییە لەوەی کە کۆتایی لێکۆلینەوەکەی پێکدهێندرێت ، بیر و بۆچوونە بنەرەتیەکانی ناو لێکۆلینەوەکەی لە خۆگرتووە ، لەگەل ئەو ئەنجامانەی لێکۆلەر پێیان گەیشتووە ، ئەو پێشنیار وتیۆرانەی لێکۆلەر پیشانیان دەدات ، لەگەل ئەو کەلێن و کەموکورتیانەی لێکۆلەر نەیتوانیوە چارەسەریان بکات

- پێویستە گوزارشتەکانی کورتبن و شێواز و مەبەستەکانی روون و ئاشکرابن ، ئەمیش رەگەزێکی پێویست نییە لە لێکۆلینەوەدا دەکرێت نەبێت بەپێی جۆری بابەتەکە ، باس لە سروشتی ئەو شێوازە دەکات کە لێکۆلەر پیادەی کردووە بەبیٚ ئەوەی لە بەهای بنەرەتی لێکۆلینەوەکە کەم بکاتەوە 3

پ/ چۆن سوود لە زانیاری سەرچاوەکان وەردەگرین ؟

و/ زانیاری و وەرگرتن / یەکێکە لە هۆکارەکانی کۆکردنەوەی ماددەی زانستی کەلە هەنگاوی دارشتنی توێژینەوەکەدا سوودیان لیٚ وەردەگیرێت بەوەی کە ئەم زانیارییە وەرگیراوانە لەلایەن توێژەرەوە بەکاردەهێندرێت لە کاتی دارشتنی توێژینەوەکەدا بە شێوازی خۆی ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زانیارییەوەرگیراوانە بە ئاسانی جیا دەکرێنەوە لە دەربرین و شێوازی توێژەر ، وەهەموو توێژەرێك پێویستی بەوەرگرتنی زانیاری هەیە تەنها توێژینەوەی مەیدانی نەبێت ، کە لەوەو پێش لەبارەیەوە نەنوسراوە .

پ/ شێوەکانی وەرگرتنی زانیاری ؟

و/ 1) زانیاری وەرگرتن لە کتێب/ لە نوسراو و گۆڤار و بلاوکراوەی خولی کۆن و نویٚ

2) وەرگرتنی زانیاری بیستراو/ لە کۆباس و وتوێژە زانستیەکاندا

3) لێوەرگرتنی راستەوخۆ/ بەگواستنەوەی راستەوخۆی رستە و دەستەواژە لە نوسراوی کەسانی تر ، بەمەرجێك لە لاپەرەیەك زیاتر نەبێت

4) وەرگرتنی زانیاری پوختکراو/ ئەویش بەگواستنەوەی مانا لە نوسراوی کەسانی ترەوە بەبیٚ وەرگرتنی راستەوخۆی وتە و دەستەواژەکان و دارشتنەوەیان بە شێوازی توێژەر خۆی ، ئەویش لە کاتێکدا کە زانیارییە وەرگیراوەکە لە لاپەرەیەك زیاتر نەبێت

پ/ مەرج و رێساکانی وەرگرتنی زانیاری چییە ؟

و/ 1) کورت بێت ، باشتر وایە لە لاپەرەیەك تێپەر نەکات

2) تا دەتواندرێت بەشە وەرگیراوەکە تێکەڵ بە دەقەکە بکرێت تا بەدوای یەکدا هاتن و ریزبەندی لۆژیکی تێدا بێتە دی

- چونکە وەرگرتنی زانیاری تەنها کۆکردنەوەی زنجیرەیەك لە رستە و دەستەواژە و قسەی خەلك نییە ، وە توێژەری بە توانا ئەو کەسەیە کە دەتوانێت زانیاری وەرگیراو بە وتە یان بەمانا لە ناو شێوازە کەی خۆیدا و لە دارشتنەوەی بیرۆکەکانی توێژینەوەکەدا بەکار بهێنێت ، تا بتوانێت کەسێتی خۆی لە توێژینەوەکەدا دەربخات

3) ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەی زانیارییە وەرگیراوەکە

- بەتایبەتی لەکارە فکری و هونەرییەکاندا وە لە هەر لێوەرگرتنێکدا ناوی نوسەرەکە بهێنێت ، وە ئاماژە بەسەرچاوەی لێوەرگرتنەکە بکات لە پەراوێزی خوارەوەی لاپەرەکەدا ، ژمارە یان هێمایەکی دیاریکراوی بۆ دابنێت ، ئەو زانیاریانەی دەربارەی سەرچاوە دەنوسرێت ئەمانەن :

ناوی نووسەر ، ناو نیشانی کتێب ، شوێنی چاپ ، ناوی ناوەندی بلاوکردنەوە ، ژمارەی چاپ و مێژووەکەی ، و بەش و لاپەرەکەی ، بەلام ئەوەی پەیوەندی بە بلاوکراوەی خولییەوە هەیە بریتییە لە: نوسینی ناوی نوسەر ، ناونیشانی وتار ، ناوی بلاوکراوەکە بە هێل بەژێر داهێندراوی و شوێنی چاپ لە نێوان دوو کەوانەدا ژمارەی دانە یان بلاوکراوە و مێژووی دەچوون و ژمارەی دوو لاپەرەی یەکەم و کۆتایی ئەو وتارەی زانیاریەکەی لیٚ وەرگیراوە

4) دانانی نیشانەی زانیاری وەرگرتن وەك دوو کەوانە (()) کە پێش زانیارییە وەرگیراوەکە و لە کۆتاییەکەیدا دادەندرێت ، وە لە کاتی باسکردنی زانیاری وەرگیراودا پێویستە زانیاری وەرگیراوی دووەم نیشانەی جیاکراوەی هەبێت لە وەرگیراوی یەکەم ، ئەگەر زانیاری وەرگیراو لە (6) دێر تێپەری نەکرد ئەوا لە نێوان کەوانەدا دەنوسرێت

- بەلام ئەگەر لە (6) دێر تێپەری کرد بۆ لاپەرەیەك ، ئەوا بە کەوانە جیاناکرێتەوە ، بەلکو بە جیاکراوەی دادەندرێت ئەویش بەوەی بۆشاییەك بەجیٚ دەهێلدرێت لە نێوان بەشی یەکەمی زانیارییە وەرگیراوەکە فراوانتر لە پەراوێزی ئەو دێرانەی کە وەرنەگیراون ، وە بۆشایی لە نێوان دێرەکانیدا کەمتر بێت لە بۆشایی نێوان دێرە ئاساییەکان ، وە لە کاتی چاپ کردندا پیتەکانی زانیارییە وەرگیراوەکە لە پیتەکانی تری نووسینەکە بچوکتر دەبن ، بەلام ئەگەر زانیاری وەرگیراو لە یەك لاپەرە تێپەری کرد ئەوا نابێت راستەوخۆ وەك خۆی بنووسرێتەوە ، بەلکو واناکەی وەردەگیرێت ، واتا دارشتنەوەی بە شێوازی توێژەر و کورتکردنەوەی ناوەرۆکی زانیاری وەرگیراو وێرای ئاماژەکردن بەو سەرچاوەیەی کە لێوەی وەرگیراوە

5) بنچینەی سەرچاوەکان : واتا ئەو سەرچاوانەی کە زانیاریان لێوەردەگیرێت بنچینەیی یان سەرەتایی بن و دانەرەکەیان شارەزایی هونەری و زانستی گەورەی هەبێت لە نوسینی کتێب یان بلاوکردنەوەی توێژیتەوەدا ...تاد

CAPTAIN

6) لەکاتی زیاد خستنەسەر زانیارییە وەرگیراوەکە پێویستە ئاماژە بەو بەشە یان رستەی زیادکراو بکرێت ئەویش بە دانانی لە نێوان دوو کەوانەدا بۆ جیاکردنەوەی لە زانیارییە وەرگیراوەکە
7) لەکاتی لابردنی بەشێك لە زانیارییە وەرگیراوەکە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەویش بەدانانی سێ خاڵی ئاسۆیی یەك لە دوای یەك لە شوێنی لادراوەکە بەم شێوەیە (...)
8) راستگۆیی و وردەکاری لەگواستنەوەی زانیاری وەرگیراودا
9) پابەندبوون بە بنەماکانی مۆڵەت بە بڕی زانیاری وەرگیراو ، جا ئەگەر لێوەرگرتنەکەی لە سنوری (300) وشەدا بوو ئەوا پێویستی بە مۆڵەتی خاوەنەکەی نییە بەڵام ئەگەر لەوە زیاتر بوو ئەوا مۆڵەت وەرگرتن پێویستە

پ/ **دەستپاکی ئەکادیمی (زانستی) چییە ؟ چیمان پێدەبەخشێت یاخود چی بە توێژەر دەبەخشێت** ؟
و/ دەستپاکی ئەکادیمی بریتییە لە کۆمەڵێك بەها و پێوەری رەفتاری فەرمی و نافەرمی لە چوارچێوەیەکی مۆراڵیدا بە مەبەستی دانان بە خاوەندارێتی فکری و رۆشەنبیری نوسەران و توێژەران و پاراستنی بەرهەمەکانیان لە هەر جۆرە دەست درێژی و ناپاکیەکی ئەکادیمیدا ، سیستەمێکی مۆراڵیە بۆ رێك خستنی ژیان و شێوازی کارکردن و رەفتاری توێژەر و مامۆستا و قوتابی و فەرمانبەر و کارمەندانی دەزگا و دامەزراوە زانستی و خزمەتگوزاریەکان ، لە هەمان کاتدا پێوەرێکی زانستیشە بۆ هەڵسەنگاندنی زانکۆ و ناوەندە زانستیەکان و هۆکار و مەرجی سەرەکی سەرکەوتن و پێشکەوتنە لە هەر دەزگا و دامەزراوەیەکی زانستی و ئەدەبی وئەکادیمی و کارگێری و پیشەیدا.
- دەستپاکی ئەکادیمی دیاردەیەکی ژیارییە بوون و گەشەسەندنی پەیوەستە بە گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ، هیچ ولاتێك بە بێ بوونی چوارچێوەیەکی مۆراڵی چاودێر بەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و رۆشنبیری پێش ناکەوێت ، نەبوونی دەستپاکی لە هەر ولاتێك دەبێتە هۆی دواکەوتوویی و پاشاگەردانی و تێکچوونی بنچینەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری ولاتەکە ، بێگومان نەبوونی سیستەمێکی دەستپاکی ئەکادیمیش لە هەر کۆمەڵگایەکدا ، کە چاودێری بێت بەسەر رەوشتی زانستی و ئەکادیمی و کۆنترۆڵی باری رۆشنبیری و زانستی کۆمەڵگاکەی کردبێت هۆکار دەبێت بۆ دروست بوونی فێڵ و تەلەکەبازی لە نووسین و دزین و دەست درێژی کردنە سەر مافی کەسانی تر . بۆیە بوونی سیستەمێکی دەستپاکی ئەکادیمی چاودێر بەسەر رەوشتی زانستی و ئەکادیمی مەرجی یەکەمی پاکی و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەکە ، چونکە باری رۆشنبیری و زانستی و ئەکادیمی هەر کۆمەڵگایەك کاریگەری راستەوخۆی بەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیری کۆمەڵگاکە هەیە .
- دەستپاکی ئەکادیمی بریتییە لە پابەندبوون بە رەفتاری راستگۆیی و مۆراڵی لەکارکردن لە ژینگەی ئەکادیمی و زانستیدا ، بۆیە بە بنەمای سەرەکی سەرکەوتن و داهێنان و پێشکەوتن لە کاری زانستی و ئەکادیمیدا دادەندرێت

پ/ **بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی چیین** ؟
و/ 1) دیاریکردنی سەرچاوە و ئاماژەدان بە سەرجەم برگە و بیرۆکەی بەکارهاتوو لە نووسیندا ، وەك وەرگرتنی پەرەگرافێك وەکو خۆی لە توێژینەوەیەکی بلاوکراوە یان بلاوەنەکراوەدا ، یاخود وەرگرتن لە کتێب یان سەرچاوە ئەلیکترۆنی و زارەکی و ئاماژەکردن بە خاوەنەکانیان لە ناو ناوەرۆك و لیستی سەرچاوەکاندا :
2) درککردن بەوەی ئامەژەدانی تەواو بە سەرچاوەی بەکارهاتوو لە نووسیندا لاوازی و بێ توانایی نوسەر ناگەیەنێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەم خۆیی و هەم بابەتەکە بەهێز دەکات .
3) هەستکردن بەوەی گرینگترین خاڵی بەهێز لە هەر نووسینێکدا ئاماژەکردنە بە سەرچاوەی بەکارهاتوو چ لە ناو ناوەرۆك و یان لە لیستی سەرچاوەکاندا ، لاوازترین خالیش بەکارهێنانی نووسینی کەسانیترە بە بێ ئامەژەکردن بە خاوەنەکانیان .
4) هەستکردن بەوەی لاسایکردنەوە لە سەرەتای کاری نووسین و توێژینەوەکاریدا شتێکی ئاساییە ن بەڵام بەردەوامی دۆخی لاسایکردنەوەکە نوسەر بەرەو گزیکردنی زانستی دەبات .
5) هەستکردن بەوەی نووسین و توێژینەوەکاری بە رێگای گزیکردن و پشت بەستن بە بیرزکە و زانیاری کەسانی تر ئاستی راستەقینەی دەستکەوت ناهێنێتە دی .

CAPTAIN

6) درككردن بەوەی دەست پاكی لە نووسیندا بەر لە هەر شتێك شانازییەكی گەورەیە و هەستی رەزامەندی لە كارەكە لای تاك دروست دەكات ، بە پێچەوانەشەوە مرۆڤ لە ناپاكیدا هەست بە شانازی و رەزامەندی ناكات .
7) درككردن بەوەی دەست بردن بۆ ناپاكی ئەكادیمی لە كاری نووسیندا نەك تەنها كاریگەری دەبێت بەسەر بەهای ئەكادیمی و پێگەی زانستی كەسەكە ، بەڵكو كاریگەریشی دەبێت بەسەر ئەو بەشە زانستەی كاری تێدا دەكات و ئەو ستافە ئەكادیمیەش كە كاریان لەگەل دەكات
8) تێگەیشتن لەوەی دەست بردن بۆ هەر شێوازێك لە شێوازەكانی ناپاكی ئەكادیمی وەك فروفێل و گزیكردن و بەكارهێنانی بیرۆكە و ئاماژەنەكردن بە سەرچاوەكانیان بە روونی و ئاسانكاری یۆ ئەم جۆرە ناپاكیانە رەفتارێكی ناسروشتی و نامۆرالیە و دەچێتە خانەی تاوانی گەورە و مرۆڤ رووبە رووی لێپرسینەوە و سزای یاسایی دەكات .

پ/ ناپاكی ئەكادیمی چییە ؟ چیمان لێدەستێنێتەوە یاخود چی لە توێژەر دەستێنێت ؟
و/ ناپاكی ئەكادیمی بە مانا فراوانەكەی چەمكێكە سەرجەم ناپاكی و پێشەلكاریەكان لە خۆ دەگرێت كە لە زانكۆ و ناوەندە زانستی و ئەكادیمیەكان ئەنجام دەدرێت ، وەك فێلكردن و گزیكردن و دزینی بەرهەم و كۆششی كەسانی تر و هەر كردەوەیەكی نەشیاو دیكەی كە پەیوەندی بە ژیانی ئەكادیمی و پشێلكردنی یاسا و رێسا فەرمیە ئەكادیمیەكانەوە هەبێت ، بەلام مەبەست لە ناپاكی ئەكادیمی لێرەدا گزیكردنی زانستی و ناپاكی كردنە لە بواری نووسینی ئەكادیمیدا .
- زۆربەی خەلكی لەو باوەڕەدان گزیكردن كۆپیكردن و وەرگرتنی بیرۆكە و نووسینی كەسانی تر بێت ، بەلام لە راستیدا بەكارهێنانی دەستەواژەكانی كۆپیكردن و وەرگرتن بۆ كردەوەكە شیاو نییە و لە قەبارە و مەترسی تاوانەكە كەم دەكاتەوە ، بۆیە لە روانگەر زۆربەی ناوەندە زانستی و ئەكادیمییەكان گزیكردن دزیكردنە و لە زۆربەی فەرهەنگە زانستیەكان بە دزی زانستی یان ئەدەبی پێناسە كراوە ، لەلایەكی تر دیاردەی گزیكردن ناوی جۆراو جۆری لێنراوە، وەك دزی فێركردن و دزی ئەدەبی و گزیكردن و پێشێلكاری ئەكادیمی و فێلی ئەكادیمی و چەندین ناوی تر ، سەرجەم ئەم ناوانە گوزارشت لە تاوانێكی زانستی و هەلەیەكی مۆرالی گەورە دەكەن تیایدا كەسی گزیكەر هەموو سنوورەكانی دەستپاكی زانستی و ئەكادیمی دەشكێنێت .
- وشەی گزیكردن لە زمانی كوردیدا لە بەرامبەر وشەی (plagiarism)ی ئینگلیزی بەكاردەهێندرێت لە بنەرەتدا لە وشەی لاتینی (plagiarize) وەرگیراوە كە بە واتای رفاندن دێت ، گزیكەریش كەسێكی دەست درێژكەر و رفێنەرە هەولی رفاندنی شتێك دەدات كە هی خۆی نییە و دەیبات بۆ خۆی ، واتا رفێنەری وشە و بیرۆكەی كەسانی ترە ، بەلام گزیكردن لە پێناسەی تازەیدا واتا دزی ئەدەبی و بەكارهێنانی بەرهەمی فیكری كەسێك لەلایەن كەسێكی تر وەك بەرهەمی خۆی .
- لەژێر رۆشنایی كۆی پێناسە و راوبۆچوونەكان دەربارەی دیاردەكە ، گزیكردنی زانستی یان دزی ئەدەبی فێلكردن و دزینی بەرهەمی فكری و عقلی كەسانی ترە بەبێ ئاماژەكردن بە سەرچاوەكانیان ، هەولێكی مەبەستدار یان بێ مەبەستە تیایدا كەسێك بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی كەسێكی تر دەبات و دەیكات بە هی خۆی ، بەو مانایە گزیكردن واتا دزیكردن و كەسی گزیكاریش دزە و جۆری دزییەكەشی ناشرینترین جۆری دزیكردنە ، چونكە لەلایەك بەرهەمی كاری كەسانی تر دەدزێت و لەلایەكی تر دەیكات بە هی خۆی و بە ناویخۆیەوە بلاویدەكاتەوە ، وەك ئەوەی لە فەرهەنگی (چێمبری) دا هاتووە و دەلێ: گزیكاری زانستی كەسێكە بیرۆكە و نووسینی كەسانی تر دەدزێت و بە ناوی خۆیەوە پێشكەشیان دەكات ، ئامانجی سەرەكیش لە كردەوەكەیدا هێنانە دی بەرژەوەندی كەسی و دەستكەوتنی و برێك پارەیە 9
پ/ پێناسەی پەراوێز بكە؟ پەراوێز چییە؟
و/پەراوێز بریتییە لەهەر شتێك كە لە دەق دەربچێت جا لێكدانەوە بێت یان راڤەكردن یان ئاماژەبۆكردن كە بە هێلێكی كورت لە دەقەكە جیادەكرێتەوە
- ئەو پەراوێزەی ئیستا لێكۆلەران لە لێكولینەوەكاندا بەكاریدەهێنن داهێنراوێكی ئەوروپییە لە دوای بلاوبونەوەی چاپی كتێب بلاوبۆتەوە عەرەبەكان لە سەدەكانی ناوەراستەوە (حاشییەیان) زانیوە كە بریتییە لە سپاییەك دەوری دەقی دەستنووسەكەی داوە

لە سەرەوەی دەقەکە یان لە خوارەوەی یان لەلای چەپ یان لەلای راستی پەرەکەدا دەبێت بەجێ دەهێڵدرێت تا دوایی پڕ بکرێتەوە بە لێکدانەوە و لەسەر نووسینی جیا جیا 6

پ/ **پەراوێز بۆ چ مەبەستێك بەکاردێت ؟**

و/ 1) ئاماژەکردن بەو سەرچاوەیە یان ژێدەرەی لێکۆڵەر بابەتەکەی لێوەرگرتووە ، بەمەبەستی دەرخستنی دروستی ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەکاری هێناوە ئەمەش وەك ئەوە وایە شایەتێك بانگ بکەیت بۆ هۆڵی دادگا بە مەبەستی چەسپاندنی رووداوێك

2) لێکدانەوە و راڤەکردنی هەندێك زاراوە و گوزارە ، یان بۆ پێناسەکردنی ناوێك یان رووداوێك یان بۆ دەست پێکی لێدوان و بۆچوونە کەسییەکان یان بۆ راستکردنەوەی هەڵەیەك یان هەموارکردنی بۆچوونێك

3) بۆ گواستنەوەی خوێنەر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری لێکۆڵینەوەکە ، بەمەبەستی ئاماژەکردن بە زانیارییەکی دیاریکراو کەلە لێکۆڵینەوەکەدا هەیە و رابردووە یان یان لە پاشان دێت بۆئەوەی خوێنەر بۆی بگەرێتەوە لە جیاتی ئەوەی زانیاریەکە باس بکاتەوە چونکە دوبارەکردنەوە دەبێتە هۆی لاوازکردنی لێکۆڵینەوە ئاماژە بۆ کردنیشی بەمجۆرە دەبێت (بروانە لاپەرەی ژمارە) یان (بروانە بەشی ژمارە) لە لێکۆڵینەوکەدا

پ/ **شوێنی پەراوێز دەکەوێتە کوێی لاپەرەی توێژینەوە ؟ پەراوێزەکان بە چەند شێوە و رێگا ریز و رێك دەخرێن ؟کامەیان بەربلاوترینیانە ؟**

و/دەگونجی پەراوێز لە یەکێك لەم سێ جێگایەدا دابنرێت کە لێکۆڵەران لەسەری کۆکن لەبەشی خوارەوەی لاپەرەکە دادەندرێت بە کێشانی هێڵێکی کورت بە ئەندازەی ¼ دێرێك بۆ جیاکردنەوەی پەراوێزەکە لە دەقەکە

- هەروەها لە کۆتایی هەربەشێکدا تەنها پەراوێزی ئەو بەشە دادەنرێت یان لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا پەراوێزی هەموو لێکۆڵینەوەکە دادەنرێت

- دانانی پەراوێز لە خوارەوەی لاپەرەدا رێگایەکی بلاوترە لای لێکۆڵەر و دانەران و بۆ خوێنەریش ئاسانترە

- بە هەمان شێوە ژمارەکردنی پەراوێز بەیەکێك لەم سێ رێگایە دەبێت کە بریتییە لە

1) ژمارەکردنی سەربەخۆ ، تیایدا پەراوێزی هەر لاپەرەیەك بەژمارەی سەربەخۆ ریزبەند دەکرێن

2) ژمارەکانی بەش ، تیایدا پەراوێزەکانی هەر بەشێك بە شێوەیەکی ریزبەند ژمارەدەکرێت بە جۆرێك ژمارەکان بەسەرەتای پەراوێزەکانی بەشەکە دەست پێدەکات و بە کۆتایی هاتنیشیان کۆتایی پێدێت

3) ژمارەکردنی ریزبەندی تەواو ، لەم شێوازەدا هەموو پەراوێزەکانی لێکۆڵینەوەکە بە یەك ریزبەند ژمارە دەکرێت بە یەکەم پەراوێزی لێکۆڵینەوەکە دەست پێدەکات و بە کۆتا پەراوێزیش کۆتایی پێدێت

- رێگای ژمارەکردنی پەراوێزی هەر لاپەریەك بەجیا (هەرلاپەرەیی) رێگایەکی زۆر بلاوە لای لێکۆڵەر و دانەران و بۆ خوێنەریش ئاسانترە لە کاتێکدا دوورێگاکەی تر کەمتر بلاون و دەشبنە هۆی گرانی بۆ خوێنەر

- ژمارەکردنی پەراوێزیش بە دانانی ژمارەیەکی بچووك دەبێت لە نێوان دوو کەوانەدا لەسەر ئەو وشەیەی کە مەبەستە پاشان هەمان ژمارە لە پەراوێزی داواکراودا دادەنرێت

CAPTAIN

**تێبینی:**

1) زۆر سوپاسی خودا دەکەم بۆ هەموو شتێك

2) سەبارەت بەم وانەیە (مەرزەمەیە) من بۆ خۆم دروستم کردووە تکایە بمبورن لە هەر کەم و کورییەك قوتابیان ئازادن کە لەسەری دەخوێنن یان نا

3) هەر رەخنەیەك و پێشنیارێکی دروستکەرتان هەیە من دەیخەمە سەرچاوم

4) بەهیوام زۆرترین سودی لێ ببینن دووحای خێرم بۆبکەن

CAPTAIN